# قوبادو قەبانی

## هاوشونوسی لە شیعرو هاو عەشقی بۆ ژن

شوان شوانی

قوبادی دیلی ئایەتەکانی ژن و قەبانی پەناهەندەی ئەشکەوتە تاریکەکانی مێ، ئەگەرچی نیشتمان و قەڵەمەکانیان جودان وبەڵام هەرددکیان دەکەونە دورگەکانی یەك زەریای شیعرەوە، ئەوان دو شاعیرن ئەگەر چی کات و شوێنیان جیاواز بووە، بەلام لە روانگەی پەیڤینیان لە ژن و عەشقی ژن هاوشوناسیەك لە پانتای شیعرەکانیان بەدی دەکرێت، شوناسێك کە ژن بەو هەموو جوانی جەستەوە خۆی لە وشەیەکدا دەبینێتەوە، لە نێوان سێکس و خۆشەویستیدا ئەوان پەناهەندەی مەملەکەتی دوەمن.

(قوبادی جەلی زادە)ئەگەر چی شیعرەکانی جۆرێك لە خۆزگەی گەیشتن بە جەستەی تێدایە و بەڵام ئە خۆزگە خۆزگەی حەزێکی کوژراوە، حەزی خۆشەویستیەکی پاکیزە بۆمی،کە شمشێرەکانی حەرام سەریان بڕیوە ...قەبانیش کە بەردەوام لە زەریای جەستەی ژناندا خەووتوە، ئاواتی رسکان بە جەستەی مێ، بە شیعرەکانیەوە دیارە و بەڵام گوتەی (خۆزگەکانی من بۆ ژن، عەشقە بۆ ژن و عەشقم، بۆ عەشقی ژنانی هەموو دونیایە) ئەم گومانە کرچ و کاڵە خاڵی دەکاتەوە، خاڵی کردنەوەیەك، کە ناتوانی باس لە عەشقێکی پاکیزە بکەیت، کە سەرێك بە ماڵەکەی (قوبادو نزار قەبانی) دانەکەی.

ئەم دوو شاعیرەو بەرهەمەکانیان، پێویستی‌یان بە تێرامانیووردو وردبوونەوەی قوڵ هەیە، بە جۆرێك مرۆڤ بێ دیراسەو توێژینەوەی وورد ناتوانێ ئەو دوو شاعیرە بناسێ، ناسینێك کە بنەمای تۆکمەو رەخنەیی ئەقڵانی لە پشت بێت، چونکە روخساری شیعرەکانیان شتێکە نیوەرۆکیشیان شتێکی تر، بۆ ئەوەی قوباد بناسین هەقە سەرێك لە ماڵی ئەو شیعرە بدەین، کە دەرگاکانی خستۆتە سەر گازەڵای پشت و باسی (هەڵمی تێکشکانی ژنێك) دەکات، لەم شیعرەدا قوباد دنیایەك ئامۆژگاری هەڵدەبژێرێ تا ژن نەدەرگاکان ئەوەڵا بکاو نە پەنجەرەکانیش سەر گازەڵای پشت چونکە(هەتاو–گۆرانی) نێرن و نێر (پیاو) بەجۆرێك لای ژن ناجوان دەکات، تا ژن خۆی لێ بپارێزێت، ئەم گوتەیەی (دڵشاد مستەفام)دێتەوە یاد، کە لە حیوارێکی نزکانی ئەهریمەندە بەرچاوم کەوت (ئەی پیاو ئێوە چ باشەیەکتان هێناوە بۆ ژیان غەیری شەڕو وێرانی، گەرەکتانە ماسی‌یە بچکۆلەکانی نێو دەریاش عاشقتان بن ئەوەندە دەستان پێی گەیشت هەنجنی دەکەن) لەنێوان ئەو پیاوەی کە قوباد نایەوێت ژن دەرگاکەی لێ بکاتەوەو ئەو پیاوەش کە (دڵشاد) باسی لێوە دەکات هەریەك پیاوە کە هەموو جوانی مێ لە جەستەی دا دەبینێ، ئەوەندە ئاماژە بەسە بۆ قسە کردن لەسەر ئەو عەشقە پاکیزەی قوباد کە بەرامبەر ژن هەیەتی، نەبادا بەرامبەر جەستە.

نزار قەبانی دەڵێ (برژانگ لە باخچەی چاوەکانت نیشتەجێ دەبێت، ئەگەر چاوەکانی تۆ نەبوایە شیعر نەدەنوسرایەوە) کە دەبێ ئەو شیعرەی لەچاوی ژنەوە وەرگرتوە، راستە ئاماژەی بۆ (ئەو) وەك زات کردوە بەڵام ئەو (ئەوە)واتە ئاماژەیە بۆ گشت، گشتی مێینە. واتە ئەو عەشقی هەموو ژنان لەچاو یەك ژندا دەبینێت.. بەپێچەوانەیش.

لێرەوە دەرکەوت قوبادو قەبانی چەندە لەروی مەملەکەتەوە دوورین سەد ئەوەندە لە رووی وێکچوونی شیعریانەوە نزیکن، یانی چەندە زمانیان جیاوازە بەڵام وێنا کردن و قسەیان هەر یەکە.. دووشاعیری جیاواز شیعر دەنوسن بەیەك جۆر لە (ژن) رادەمێنن وەیەك مرۆڤ بەڵام لەدوو جەستەی کەس و کات و شوێن جیاواز.

www.kurdistannet.org